# ماڵی ئەدیب.. ماڵی سیاسەتکار

**دیسان بۆ کامل فەخرەددین.. بە یادی مەستیی**

**رەگەز رەشید**
r_ragaz@yahoo.com



**1**

ئەگەرچی، لەبنەڕەتدا، ماڵی ئەدیب و ماڵی سیاسەتکار، هەردووکیان دەکەونە سەرزەمین، لەهەردووکیان دەخورێت و لەهەردووکیان دەخورێتەوەو لەهەردووکیشیان ژیان هەیە..

لە بنەڕەتدا هەردووکیان ماڵن.. بەڵام دوو ماڵی جیاواز، خوانی ماڵی ئەدیب، بەقەد دوو دێری شیعرێك گەرمو بارتەقای ناونیشانی چیرۆکی عاشقێك سادە، نانو خۆشەویستی تێ دەخورێت، خوانی ماڵی سیاسەتکاریش، دیکۆرو چەتاڵ و نانی پڕخوێ..

ماڵی ئەدیب، بە شەرابو خۆشەویستیو سۆپایەکی عەلادین گەرمی دەبێتەوە، سەرچاوەی روناکیەکەشی تیشکی خۆرو فانۆسێکی ژەنگاویە، وەلێ لە ماڵی سیاسەتکار، سپلیت و کارەبای فوول و گیزەر هەیە.

لەماڵی ئەدیب، زمانێك بوونی هەیە، کەس تێی ناگات ئەدیبان نەبێت، زمانێکە وەك گەلاْ ناسك .. وەك باران تەڕ، ئاخافتنێك لە بێهوودەیی بە دوای هوودە دەگەڕێ..زمانی سیاسەتکارانیش، وشك هەلاْتوو، وەك تەمووزی هاوین بێ کارەبا.

رەنگە لە بنەڕەتدا هەردووکیان ماڵ بن، لە هەردووکیشیان تابلۆ هەڵواسرابێت.. بەڵام لەماڵی ئەدیب تابلۆی ڤان کۆخو لەماڵی سیاسەتکاریش، تابلۆی سەرکردەکان.

لەهەردوو ئەو ماڵانەدا، پشوو هەیە، هەروەك چۆن خەونی تیا دەبینرێت.. خەونی ئەدیب، شین وەك ئاسمان، پەمەیی وەك ئاوێتە بوونی دوو نەورەس و سەوز وەك پەیداکردنی نانی بەیانی.. خەونی سیاسەتکاریش، رەش وەك کابووس، سارد وەك دۆڕان و خۆڵەمێشی وەك بێبەزەیی.

لە ماڵی ئەدیب، خەون تێکەڵەیەکە لە ناسکیو لەو واقعەی بەس لە ئەدەبدا دەیگەیتێ، لەماڵی سیاسەتکاریش، خەون هاوکێشەیەکە لەنێوان ململانێ و دەوڵەمەند بوون و بەرژەوەندیی.. هەروەك چۆن لەماڵی ئەدیباندا، واقع لە خەیاڵدا دێت و لە خەیاڵداو لە نێو باوەشی راستگۆییدا دەگۆڕێت، وەلێ واقعی سیاسەتکار، لەگەڵ دەنگوباس، لەگەڵ دواگوتاری سەرکردەکان دێت و دەگۆڕێت.

## 2

له ماڵی ئەدیب، بەرژەوەندیی، کارکردنە بۆ وەدەست هێنانی شەوێکی مەست بوون، تیایدا بخورێتەوەو مەستانە شەڕ لەگەڵ تۆراندا بکرێت..تیایدا بخورێتەوەو سەرخۆشانە شیعر بۆ یار بنووسرێت، بۆ گەیشتن بە چلێك خۆشەویستی.. بەڵام لە ماڵی سیاسەتکاردا مەست بوون، شەوێکە بۆ بەرژەوەندیی، تیایدا شەڕی تەکەتتول و شەڕی گۆڕینی ئۆتۆمبێل‌و شەڕی گەیشتن بە کورسیەکی تری لێبهەڵهێنجریٚ.

زاکیرە، لەهەردوو ماڵ ئامادەیە، وەلیٚ بە دوو وێنەی جیا.. لە ماڵی ئەدیب، زاکیرە لێوانلێوە لەوێنەی منالی‌و قوربانی‌و شەڕکردنە لەگەڵ نەمریی، زاکیرەی ماڵی سیاسەتکاریش، تژییە لە گەوەرە بوون و بێوەفایی و بیرچوونەوە..

## 3

پیاوێك دەڵێت: ئەدیبێك هەیە، موتربەکراوە لە نێوان هەردوو ماڵ، ماڵێك هەیە تیایدا سیاسەتکار ئەدەب دەخوێنێتەوە.

پیاوێك دەڵێت، لە ژیاندا یەك پیاوی سیاسی سەرسامی نەکردووم، وەلیٚ دەیان ئەدیب و هەنەرمەند سەرسامم دەکەن.

## 4

له ماڵی ئەدیب رەنگ و گەلاٚ و نووسین، ئەو دێڕانەن، کە لەگەڵ شەوچەرەی زستان دێنە ئاراوە، لە ماڵی سیاسەتکاریش، حزب و ماستاوچیەتی و پانکردنەوە..

لەماڵی ئەدیب، شیعر هەیە، چیرۆکی زۆر، هەروەك چۆن قەناعەت ئامادەیە، لەماڵی سیاسەتکاریش، دڵەڕاوکیٚ و باوەڕ بەخۆ نەبوون.. بۆ نموونە لە ماڵی ئەدیب، شتگەلێك هەن بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی، سڕینەوەی تابلۆیەکی پایزیی‌و گوێگرتن لە پارچە مۆسیقایەکی تەڕو ئاوێتە بوون بە کارەکتەرانی رۆمانێك.. لە ماڵی سیاسەتکاریش ئاسوودەیی تێکەڵەیەکی فیزیایی شتەکانە ( وەك گۆڕینی خانوو دروستکردنی ئاپارتمان و بەکرێدانی دوکانی زۆر).

## 5

ماڵی سیاسەتکار، لەکاتی مردنی خزمی سەپانی خێزانەکەی، تێکەڵەیەکە لە مەلاو پیاوماقووڵ و شێخی عەشیرەت‌و نوێنەری حزبە جیاوازەکان، کە خۆشیان دەمرن، سەر قەبران پڕ دەبێت لە جممەی خەڵك و رۆژنامەو تەلەفزیۆن و گۆڤارەکانیش لە پرسەی بریقەدار، کە ئەدیبیش دەمریٚ، بە تەنیا دەمریٚ و بە سادەیی و بێنازیی دەنێژریٚ و لەپاش خۆی چەند دێرێکی تەواونەکراو لەملاو لەولا تاهەتا جێدێڵیٚ، وەك مردنی گەورە شاعیران ئارسەر رامبۆو بەدر شاکر ئەلسەیاب، کە لەکاتی مردنیاندا پێنج کەس بەشداری رێو رەسمی ناشتنیان دەکەن، دوانیان گۆڕ هەڵکەن و دوانیش دۆست و ئەحباب، ئەوی دیکەشیان باران..

ماڵی ئەدیبان و سیاسەتکاران، تا ماڵی خوا لەیەك دوورن، ئەگەرچی هەردووکیان لەسەر زەمینن، بەڵام لەماڵی سیاسەتکاران بێوەفایی‌و لەماڵی ئەدیبانیش ئەمەك ئامادەیە.